# لێکۆڵینەوە

...

**مەهاباد قەرەداغی**


...

## <u>(کارەساتی ئەنفال)</u>

## و

## کاریگەرییە دەروونیەکانی لەسەر کۆمەڵگەی کورد

لێکۆڵینەوەیەکی ئەزمونگەری سۆسیۆسایکۆلۆژییە لەبارەی کاریگەرییە دوورمەوداکانی کارەساتی ئەنفال لەسەر کۆمەڵگەی کورد.




**بەهاری ٢٠٠٣**

(تێبینی: ئەم لێکۆڵینەوەیە دەبوو لە کۆنفرانسی نێونەتەویی ئەنفال کە لە ١٤ و ١٥ی مانگی مەی لە شاری سنە، ڕۆژهەڵاتی کورستان بەرێوە دەچێت، پێشکەش بکرێت. مەخابن لەبەرئەوەی دەوڵەتی ئێران، کە ئەم بەشەی لە وڵاتەکەم داگیر کردووە، مۆڵەتی پێنەدام بچم بۆ کوردستان و بەشداری ڕاستەوخۆ لە کۆنفراسەکەدا بکەم. وا لە ڕێگەی ئەم سایتەوە لێکۆڵینەوەکەم پێشکەش بە دەکەم.)

### دەروازە:

ساڵی ١٩٨٨ لە بەشی باشووری نیشتیمانی کورددا زنجیرەیەک پەلاماری یەک لە دوای یەک لە لایەن ڕژێمی دیکتاتۆری عێراق، کە ئەم بەشەی لە نیشتیمانی کورد داگیرکردووە، ڕوویدا. پەلامارەکان بە مەبەستی قڕکردنی نەژادی، یان جینۆسایدی کورد بوو، وەک هەنگاوی یەکەمیش بەشێک لەو مەبەستە سەرەکییەی پێکا.

لە پەلامارەکانی ئەنفالدا، ئاماژە بە ژمارەی ١٨٢ هەزار قوربانی ژن و منداڵ و پیاو دەکرێت، لە هەموو چین و توێژێک ، کە پێکرا لەگەڵ دەربازبووەکان و لە زیندان ئازادبووەکاندا زیاتر لە ملیۆنێک کەس کە تێکرای پێکهاتەی

دانیشتوانی لادێکانی بەشی گەرمێن بوون لەو بەشەی کوردستاندا، ئەو شالاوانە و کاریگەرییە ڕاستەوخۆکانیان دەیانگرێتەوە.

ئەنفال یەکێکە لەو کارەساتە گەورانەی کە وێنەیەکی هاوشێوەی لە مێژووی ناوچەکەدا نییە، لە مێژووی جیهانیشدا دەکرێ بە سیاسەتی قڕکردنی جولەکە لە ئەڵمانیای نازی بچووێندرێ، کە سیاسەتێکی هیتلەرییانەی لەم جۆرە لە ئەڵمانیادا پیادە کرا. هیتلەر فریای ئەوە کەوت شەش ملیۆن جولەکە لەناو ببات، سەددام حوسێن لە سیاسەتەکەی خۆیدا هەمان نیازی هەبوو کە شەش ملیۆن کوردی باشووری کوردستان لە ناو ببات، وەک قۆناغی یەکەمی ئەم سیاسەتەش چەند هەنگاوێکی ترسناکی هاویشت و چەند هەنگاوێکی ترسناکی تر کە فریای هاویشتنیان نەکەوت لە پلانەکانیدا مایەوە بە هۆی داگیرکردنی کوەیتەوە. لەو هەنگاوانەی کە هاویشتی:

١. هێرشە کیمیایەکانی بۆ سەر کوردستان بە ناوی ئەنفالەوە.
٢. کیمیاپرژێنی شاری هەڵەبجە بە بیانووی شەڕی عێراق — ئێران.
٣. خاپوورکردنی تێکڕای گوند و دێهاتەکانی کوردستان .
٤. ڕاگواستنی خەڵکی کوردستان بۆ ناوچەکانی باشووری عێراق،
٥. سووتاندنی باخ و دارستانەکان.
٦. مینرێژکردنی ڕووبەرە کشتوکاڵییەکان.
٧. دەستبەسەرداگرتن و لەناوبردنی تێکڕای سامانی ئاژەڵ و پەلەوەر.
٨. ڕاگواستنی خەڵکی لادێنشینی کوردستان بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان.
٩. کۆنترۆڵکردنی شارە گەورەکان بە دەستی پۆلاینی زەبروزەنگ.
١٠. سوکایەتیکردن بە داب و نەریت و زمان و کەلەپووری کورد لە ڕێگەی دەزگاکانی ڕاگەیەندنی بەعسەوەو، هتد.

ئەو هەنگاوانەی کە نران و مەبەستیان پێکا ، کاریگەرترینیان کە بە ئامانجی تۆقینێکی سەرانسەری و نەتەوەیی لە پشتەوە بوو، کیمیابارانی هەڵەبجە و شالاوەکانی ئەنفال بوون، کە بوون بە دەروازەیەکی تراژیدی کە هەر دەکرێ بە هۆلۆکۆست بچوێندرێت. بە هەڵسەنگاندنی ڕێکخراوی میدڵ ئیست ووچ، کە بە دیکۆمێنتەوە دەدوێ، سیاسەتی بەعس و سەددام لە ئەنفالدا هەمان سیاسەتی نازیەکان و هیتلەر بووە لە هۆلۆکۆستدا.[1]

کارەساتی ئەنفال دەکرێ لە زۆر گۆشەنیگاوە تێی بڕوانرێت و ، هەڵدەگرێ سەدان لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر بکرێ. ئەو بوارانەی کە دەکرێ ببنە مەبەستی لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر کارەساتی ئەنفال، جگە لە بواری زانستی سیاسەت، مێژوو، جوگرافیا ، بواری زانستی کۆمەڵناسی، دەروونناسی، دەروونناسی کۆمەڵایەتی و کلتوورناسی و ئاییناسی و تەنانەت بیۆلۆژی و زانستە سرووشتییەکانیشە.

کارەساتی ئەنفال کاریگەری لەسەر پێکهاتەی جوگراف و مێژووی کوردستان ، پێکهاتەی دەروونی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کورد، پێکهاتەی کلتووری و سروشتی و تەنانەت پێکهاتەی عەقڵی و دەماریی مرۆڤی کورد و کۆمەڵگەی کوردەوە هەبووە و تا ماوەیەکی درێژخایەنیش دەمێنێتەوە. هەروەک چۆن کارەساتی هۆلۆکۆست لە دوای زیاتر لە نیوو سەدە کاریگەرییەکانی دەردەکەوێت و دەیان کتێب و فیلمی دیکۆمێنتار باس لەو کاریگەرییانەی دەکەن، کارەساتی ئەنفالیش بۆ کورد هەمان واتا دەدات و کاریگەرییەکانی درەنگتر دەردەکەوێت.

لەم لێکۆڵینەوەدا بە هیوای دۆزینەوەی ئەو پەیوەندیی و کاریگەرییانەی کارەساتی ئەنفال بە باری دەروونی کۆمەڵگەوە کار دەکەم. واتە پێوەرەکانی زانستی دەروونناسی کۆمەڵایەتی لە شیکردنەوەکاندا پەیڕەوی دەکەم. بەو پێیەی کە لە زانستی دەروونناسی کۆمەڵایەتیدادیاردەکان کار لە یەکتری دەکەن، دەشێ کارەساتی دژواری ئەنفالیش کاریگەری هەمەچەشنەی سیاسی، کۆمەڵایەتی، دەروونی و کلتووری لە سەر مرۆڤی کورد و کۆمەڵگەی کورد لە باشووری کوردستان دانابێت. کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا تایبەتمەندێتی دەدەمە کاریگەرییە دەروونییەکانی کاتاستڕۆڤی ئەنفال بۆ سەر کۆمەڵگەی کورد لە ڕێگەی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیەوە. واتە بە پێوانی ئەو کاریگەرییە لەسەر چەندان تاکی جیاواز کە خۆیان ڕاستەوخۆ بەر شەڵاوەکان نەکەوتن، کاریگەری بۆ سەر کۆمەڵگەی کوردمان بۆ دەردەکەوێت. پرسیارەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە :

***١. بۆچی جینۆسایدی کورد و هێرشەکانی بەعس ناوی لێنرا(ئەنفال)، مەبەست و لۆژیکی بەعس لە ئەنفالکردنی کورد دا، پەیوەندی بە سوورەتی ئەنفالەوە چییە؟***

***٢. کارەساتی ئەنفال چ کاریگەرییەکی دەروونی لە سەر مرۆڤی کورد و، کۆمەڵگەی کورد لە باشووری کوردستاندا هەیە؟***

***٣. کارەساتی ئەنفال چۆن کاری لە ناسنامەی تاکی کورد و کۆمەڵگەی کورد کردووە؟***

## میتۆد و ڕەوتی کارکردن:

بۆ مەبەستی پێوانی ئەو کاریگەرییانە لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگەی کورد، ئەم هەنگاوانە نراون:

**یەکەم**: پرسیار ئاراستەی خەڵکی جۆربەجۆر کراوە، لە ژن و لە پیاو لە تەمەنی جیاوازدا، بە مەرجی ئەوەی ئەو کەسانە کەس و کاری نزیکی خۆیان ئەنفال نەکرابێ، بۆ ئەوەی دڵنیا بین لەوەی کە کاریگەرییەکە تەنها لە ڕووی پەیوەندیدارییەوە نییە بە هاوخوێنی و خزمایەتییەوە، بەڵکە بە هاوهەستی نەتەوەیی و باری گشتی کۆمەڵگەوە. گومان لەوەدا نییە ئەنفالکراوەکان خۆیان بە پلەی یەکەم کاریگەر دەبن و، ئەو کەسانەشی کە کەسوکاری پلە یەکیان ئەنفال کراوە بە پلەی دووەم کاریگەر دەبن. مەبەست لەم لێکۆڵینەوەیە دۆزینەوەی ڕادەی کاریگەرێتی ئەنفالە لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگەی کورد و ڕادەی لێکچوون یان لێکنەچوونی کاریگەرییەکان بۆ سەر ئەوان بە گشتی، کە کۆی ئەوان دەکاتە کۆمەڵگەی کورد. ٥٠ کەس هەر کەسە و لە ڕوانگەی خۆیەوە، پێناسەی ئەنفال دەکات، هەستی خۆی بەرامبەر بە ئەنفالکراوەکان و ئەنفالکارەکان دەردەبڕێت و لە میانەی وەڵامەکانیانەوە هەوڵی دۆزینەوەی ئەو کاریگەرییە دەروونیانە دەدەین کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا مەبەستمانە. کەسەکان لە تەمەنی جیاوازدان ، لە ژن و پیاو پێک دێن، پرسیارەکان ستانداردن، واتە هەمان پرسیار لە هەمووان کراوە.

**دووەم**: سوود لەو چاوپێکەوتنانە وەرگیراوە کە لەگەڵ دەربازبووانی ئەنفال کراوە، چ لە تەلەفیزیۆن و چ لە ڕۆژنامەوە.

**سێیەم**: هەر بابەتێکی تر کە پەیوەندی بە ئەنفالەوە هەبووبێ، هەر لە قسەی منداڵێکەوە، تا سەرنجدانی ڕەفتار و کاردانەوەی ئەو کەسانەی کە لەبارەی ئەنفالەوە پرسیاریان لێ کراوە و، هەروەها سوود لەو کتێب و سەرچاوانە وەرگیراوە کە لەسەر ئەنفال نووسراون و لەبەردەستمدا بوون.

## تیۆرییە دەروونییەکان و گرێدانیان بە کارەساتی ئەنفالەوە:

دەکرێ کارەساتی ئەنفال بە زۆر تێرمی سۆسیۆلۆژی و سایکۆلۆژیەوە ببەسترێتەوە، بێگومان کارکردنی لێکۆڵەرانی بواری دەروونناسی و کۆمەڵناسی لە داهاتوودا دەبێ ئەوە بێت، کە لەگەڵ زۆرێک لەو تێرمانەدا ئەو پەیوەندییانە ئاشکرا بکەن و لێی بکۆڵنەوە. خاڵی گرنگ لە لێکۆڵینەوەیەکی ئەزموونگەری لە بواری دەروونناسی کۆمەڵایەتی دۆزینەوەی کاریگەری فاکتەرێکە لەسەر فاکتەرێکی تر ، واتە چی کار لە چی دەکات؟[٢]. لەم لێکۆڵینەوەیەدا کار و کاریگەری ئەنفال لەسەر کەسایەتی مرۆڤی کورد بە تایبەتی و کۆمەڵگەی کوردبە گشتی دەپێوین، بۆ ئەم مەبەستەش دوو تیۆری دەکەین بە بناغە، یەکەمیان تیۆری میکانیزمەکانی بەرگری یە، کە لە دەروونناسیدا بایەخێکی بەرفراوانی هەیە و پەیوەندی راستەوخۆیشی بە بابەتی ئەم لێکۆڵینەوەیەوە هەیە، دووەمیان تیۆری هەرەمی پێویستییە دەروونییەکانە، کە تیۆرییەکی پڕ بایەخی دەروونناسی ئەمریکایی ناسراو ئەبرەهام ماسلۆیە کە بەکارهێنانێکی بەرفراوانی لە لێکۆڵینەوەکانی بواری دەروونناسی کۆمەڵایەتیدا هەیە.

وەک چۆن جەستەی مرۆڤ لە کۆمەڵێک ئەندام و کۆئەندام و دەزگای فیزیکی پێک دێت و ئەم دەزگایانەش هەر یەکە و کاری خۆی جێبەجێ دەکات بۆ بە زیندوویی و بە ساخی هێشتنەوەی لەش و باری فیزیکی مرۆڤ، هەر بەو چەشنەش دەروونی مرۆڤ لە دەزگای جۆراو جۆر پێکدێت و ئەمانەش هەر یەکەیان کارێکی دیاریکراویان لە ئەستۆدایە بۆ پاراستنی تەندروستی دەروونی و باری دەروونی مرۆڤ. جیاوازییەک لە نێوان دەزگا فیزیکییەکان و دەروونییەکاندا ئەوەیە کە دەزگا فیزیکییەکان کۆنکرێت و بینراون و بە یەکێک یان زیاتر لە پێنج هەستی مرۆڤ ئاشنان، بەلاّم دەزگا دەروونییەکان ئەبستراکتن و بوونێکی دیار و بەرجەستەیان نییەو، بە پێنج هەستەکە ئاشنا نین و تەنها نەخشەیەکیان لە دەرکی مرۆڤدا هەیە و، تەنها دەروونناسەکان لە پێکهاتە و کار و کاردانەوەی ئەو دەزگا دەروونییانە دەکۆڵنەوە و تیۆرییان لێ پێکدەهێنن.

مرۆڤ دەزگایەکی بەرگری دەروونی هەیە، کە بە میکانیزمی جۆراوجۆر هەوڵی بەرەنگاربوونەوەی ئەو خەتەرانە دەدات کە لە ماوەی ژیانیدا رووبەرووی دەبێتەوە. ئەو میکانیزمانەش کە بە میکانیزمەکانی بەرگری دەروونی ناودەبرێن بریتین لە: (چەپاندن، نکۆڵیکردن، گۆشەگیریی، پێچەوانەبوونەوە، دواخستن، هەڵگەڕانەوە دژی خود، خودتۆقاندن، گوێزانەوە و هتد..)[٣]

مرۆڤ بە هەر یەکێک لەم میکانیزمە کاریگەری خەتەر و شالاّوە ترسناکەکان لە خۆی دوور دەخاتەوە، بەلاّم ئەم میکانیزمانە تەنها بەرگرییەکی درۆزنگین و لە ڕاستیدا و بە ڕاستەقینەیی خەتەرەکان لە خود دوور ناکەنەوە. لە ئاکامدا خودی بەگەرخستنی ئەو میکانیزمانە لە دەروونی مرۆڤدا کاریگەری نێگەتیف لە سەر کەسایەتی و باری دەروونی مرۆڤ دادەنێت. بۆ نموونە چەپاندن، کە بەربلاّوترین جۆری میکانیزمی بەرگرییە و لە لایەن زۆربەی زۆرەوە بەکار دەبرێت. چەپاندن ئەو میکانیزمەیە کە کاریگەری زوڵم و خەم و ناخۆشی بۆ ماوەیەک لە هەست دوور دەخاتەوە ، بەلاّم لە نەستدا جێگیری دەکات. پەنگخواردنەوەی ئەو هەستە چەپاوانە لە نەستدا خۆی لە خۆیدا دۆخێکی ناتەندروستە و دواجار لە ڕەفتاری مرۆڤدا ڕەنگدانەوەیەکی نائاسایی دەبێت. میکانیزمەکانی تری بەرگریش بە هەمان شێوە ئەرکی بەرگرییەکی دەروونی کەمخایەن و کاریگەرییەکی نێگەتیڤی درێژخایەن دەکەن.[٤] کە لە درێژەی لێکۆڵینەوەکەدا بە بەڵگەوە دەیسەلمێنین.

تیۆری دووەم ، هەرەمی پێویستییە دەروونیەکانی ئەبراهام ماسلۆیە، دیسانەوە پەیوەندی ڕاستەوخۆ بە ئاکامەکانی کارەساتی ئەنفالەوە هەیە بۆ سەر مرۆڤی کورد.

لەم تیۆرییەدا ماسلۆ هەرەمێکی بۆ پێویستییە فیزیکی و دەروونییەکانی مرۆڤ داناوە، کە لە پێنج پلەی یەک لە دوای یەک پێک دێن . گەشەسەندنی کەسایەتی مرۆڤ پەیوەستە بە چۆنێتی و ڕادەی پڕبوونەوەی ئەو پێویستیانە. بە پێی ماسلۆ مرۆ تا پلەی یەکەمی پێویستییەکانی بە تەواوەتی پڕ نەکردبێتەوە ناتوانێ دەربازی پلەی دووەم و بێت و گەشەی کەسایەتی لەو پلەیەدا دەوەستێ کە پێویستییەکانی تیا پڕ نەبووەتەوە. پلەکانیش بەم شێوەیە لە خوارەوە بۆ سەرەوە ڕیزبەند کراوە:

- یەکەم: پێویستییە فیزیکییەکان، کە بریتین لە خواردن و خواردنەوە، خەوتن و حەسانەوە و سێکس، کە ئەمانە بە پێویستییە سەرەتاییەکانیش ناوزەد دەکرێن.
- دووەم: پێویستی ئاسایش، کە دڵنیایی و سەقامگیری دەگرێتەوە.
- سێیەم: پێویستییە کۆمەڵایەتییەکان، خۆشەویستی و ژیانی کۆلێکتیڤ و پلە و پایەی کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە.
- چوارەم: پێویستی جێبەجێکردن، کە پێویستی بڕیاردان، هەڵبژاردن، ڕێزگرتن و دانپێدانان، پێویستی وەرگرتنی زانیاری دەگرێتەوە.
- پێنجەم: پێویستی خۆسەلماندن و داهێنان لە ژیاندا.[٥]

دابیننەبوونی پێویستییەکانی هەر پلەیەک لە سێ پلەی سەرەتا، مرۆڤ لە دۆخی پێویستی و دابیننەبووییدا دەهێڵێتەوە. دابیننەبوونی پێویستییەکانی دوو پلەی کۆتایی هەرەمەکە، مرۆ لە گەشەسەندن دەوەستێنێ و کەموکوڕی دەروونی لە لا دروست دەکات. کارەساتی ئەنفال پەیوەست بەم دوو تیۆرییەوە، دوو گریمانمان لا دروست دەکات.

یەکەم: شاڵاوە ترسناکانی ئەنفال و جینۆسایدی گەلی کورد، چ لە قۆناغی خۆیدا و چ لە قۆناغەکانی تردا دەبێ کاریگەرییەکی دەروونی هەبێ لەسەر کۆمەڵگەی کورد. کەواتە مرۆڤی کورد میکانیزمەکانی بەرگری دەروونی دژ بەو کارەساتە بەکار هێناوە. کە خودی ئەو میکانیزمانەش ، چوونکە بەرگرییەکی دڕدۆنگانەن لە خەتەرەکان، کاردانەوەی نێگەتیڤ لە مرۆی کورددا پێک دەهێنن.

دووەم: کارەساتی ئەنفال، کارێکی وای کرد پێویستییە سەرەتاییەکانی مرۆڤی کورد لە باشووری کوردستاندا دابین نەبێت و ئاسایشی لێ تێکبچێت، کەواتە کارەساتی ئەنفال کاری لە گەشەسەندنی کەسایەتی وبونیادی دەروونی مرۆڤی کورد کردووە.

لە میانەی وەڵامی زانیاریدەرەکانەوە هەوڵ دەدەین سەلماندنێک بۆ دروستی یان نادروستی ئەو گریمانانە بدۆزینەوە. بێگومان بەڵگە و دیکۆمێنتەکانی سەرچاوە ئاماژەپێکراوەکانیش کەرەستەی پڕ بایەخن بۆ ئەم سەلماندنانە.

## ڕامانێک لە چەمک و ناوەڕۆک و دیاردەی ئەنفال:

ئەو کۆمەڵکوژی و کۆمەڵگە تۆقاندن و کۆمەڵگە ژاهراویکردنەی کە ساڵی ١٩٨٨ لە لایەن ڕژێمی بەغداوە دژ بە مرۆڤی کورد و کۆمەڵگەی کورد ئەنجام درا هەر بە خۆڕا نەبوو کە ناوی لێنرا ئەنفال. ئەنفال سوورەتی هەشتەمی قورئانە، کە لە ٧٥ ئایەت پێک هاتووە. ئەم ئایەتانە لە شاری مەدینەی منەوەرە، لە مانگی ڕەمەزانی ساڵی دووەمی کۆچی دابەزیووە و ناوەڕۆکەکەی باس لە شەڕی بەدر، پەسنی سەرکەوتنی موسوڵمانان لەو شەڕەدا بە سەر کافراندا و، چۆنێتی دابەشکردنی دەستکەوتەکانی ئەو شەڕە بەسەر سەرکەوتووەکانی شەڕ و، هەندێ وردەکاری تری

پێویست بەو بارودۆخەیە، بۆ ئەوەی کێشە و ململانێ لە نێوان موسوڵمانانندا بە هۆی دەسکەوتەکانی شەڕەوە ڕوونەدات،هاتووەتە خوارەوە.

لە لێکۆڵینەوەیەکی زانستیدا کە لە زانکۆی سەلاحەدین دا کە وەک نامەی ماستەر لە لایەن یوسف دزەیی ئەنجام دراوە ، لێکۆڵەر بە لێکدانەوەیەکی خێرا و چەند لاپەڕەیی و بە پشتبەستن بە هەندێ ئایەتی تر کە لە قورئان، کتێبی پیرۆزی ئیسلامدا هاتووە، دەگاتە ئەو دەرەنجامەی کە: *(شاڵاوەکانی بە ناو ئەنفالی حکومەتی عێراق بۆ سەر گوندنشینانی کوردستان، جیاوازە و پێچەوانەی ئەنفالی ئیسلامە.)*[6]

بەڵگەی لێکۆڵەر بۆ ئەم ئەنجامەی پێی گەیشتووە سێ خاڵە، بە پێی سورەتی ئەنفال مەرجە: ئەو کۆمەڵگەیەی کە شاڵاوی دەکرێتە سەر بێباوەڕ و کافر بێت؛ دەبێ دەستکەوتەکان لە مەیدانی شەڕدا گیرابن، ئەو دەستکەوتانە بریتین لە ماڵ و سامان و زەخیرە و ئاژەڵ، هەروەها مرۆڤی دیل و گیراوەکان.[7]

هیچ گومان لەوەدا نییە کە ڕەفتارەکانی ڕژێمی بەعس دژ بە هەموو یاسایەکی سروشتی و یاساکانی زەمین و ڕێساکانی ئاسمانە، کەواتە ئەگەر پەنا بۆ ئایەتێکی قورئانیش ببات بۆ بەجێگەیاندنی مەبەستەکانی، مەرج نییە بەو لۆژیکە بەکاری ببات کە لە کاتی خۆیدا و لە ئەنجامی دیاردەیەکی دیاریکراودا بۆ ڕێنمایی موسوڵمانەکان بەکارهێنراوە، بەڵکە کەڵکئاوەژوو لە ناوەڕۆکی ئەو ئایەتانە وەردەگرێت و وەریدەگێڕێتە سەر لۆژیکی بەعس. لە ئەنجامی خوێندنەوەیەکی سۆسیۆلۆژیانەی وردی ئایەتەکانی سورەتی ئەنفال و، خوێندنەوەیەکی سۆسیۆپۆلیتیکیانەی ڕەفتار و ئاکارەکانی بەعس لە قۆناغەکانی ئەنفالدا و چۆنێتی مامەڵەکردنی سەرانی بەعس لەگەڵ مرۆڤی کورد و سەر و سامانی کورد، ئەوە دەردەکەوێ کە شاڵاوەکانی ئەنفال بە ڕێکەوت ناوی لێنەنراوە ئەنفال، بەڵکە مەبەست لە خودی سورەتی ئەنفالی قورئانە ، بەڵام نەک بەو ئاماژانەی کە لە قورئاندا هاتووە، بەڵکە بە لۆژیکی بەعس و لە نەخشەی خەیاڵی بەعسدا ئەم سورەتە دارێژراوەتەوە و تەنها ئاماژەکانی جیاوازن، کە لێرەدا هەوڵی لێکدانەوەی هەندێکیان دەدەم.

١. لە لۆژێکی قورئاندا: کافران ئەوانەن کە باوەڕیان بە ئاینی ئیسلام و خودای تاک و تەنیا نەهێناوە. لە لۆژیکی بەعسدا: کافران ئەوانەن کە باوەڕیان بە پارتی بەعس و سەددام حوسێن نەهێناوە .
٢. لە لۆژیکی قورئاندا: کەسانی باوەڕداری ڕاستەقینە ئەوانەن کە پێنج فەرزەکەی خودا جێبەجێ دەکەن. لە لۆژیکی بەعسدا: باوەڕدار ئەوانەن کە سەر بۆ فەرمانەکانی سەرانی بەعس دادەنەوێنن و فەرمانەکانیان جێبەجێ دەکەن.
٣. لە لۆژیکی قورئاندا: پاداشتی باوەڕداران (موسوڵمانان) بەهەشتە و، سزای بێباوەڕان (کافران) دۆزەخە. لە لۆژیکی بەعسدا: پاداشتی باوەڕداران (بەعسییەکان) دەسەڵات و پارە و هەموو خۆشییەکی دنیاییە و، سزای بێباوەڕان (دژە بەعسییەکان) زیندان و ئەشکەنجە و هەڵواسین و کوشتن و بڕینە.
٤. لە لۆژیکی قورئاندا: موسوڵمانان بۆیان هەیە کافران بکوژن، دەست بە سەر ماڵ و سامانیاندا بگرن و حەڵاڵیانە، ئەگەر نەهاتنە سەر ڕێگەی خودا و لە هەڵوێستی دژایەتی خودا و پێغەمبەری موسوڵمانان پەژیوان نەبوونەوە. لە لۆژیکی بەعسدا: بەعسییەکان بۆیان هەیە نابەعسییەکان بکوژن ئەگەر نەهاتنە سەر ڕێگەی سەددام و لە هەڵوێستی دژایەتیکردنی سەددام و سەرانی بەعس پەژیوان نەبوونەوە.

لە سورەتی ئەنفالدا هاتووە:

*(کاتێ کە پەروەردەگارت وەحی بۆ مەلائیکە نارد، بە ڕاستی من لەگەڵ ئێوەم، جا کەسانێ کە بڕوایان هێناوە پتەو ڕایان گرن، ئێمە ترس و وەحشەت ئەخەینە ناو دڵ و هەناوی کافران و بێبڕوایان، جا بە توندی بکوتن بە ناو تەوقی سەریاندا و هەموو پەنجەکانیان ورد بکەن و دەست و پێیان لە کار بخەن.)*[٨] ئایەتی دوانزەیەم.

*(ئەمە لەبەر ئەوەیە کە ئەوانە لەگەڵ خوا و پێغەمبەری خوا دژایەتیان کرد و هەر کەسیش لەگەڵ خوا و پێغەمبەری خوا دژایەتی بکا سەخت سزا دەدرێت، جا بە ڕاستی عەزابی خوا سەختە.)* ئایەتی سیانزەیەم.

ئەو ئەشکەنجانەی کە ئەنفالکراوە کوردەکان لە زیندانەکانی خوارووی عێراق و بە تایبەتیش لە نوگرەسەلمان دراون و دەیگێڕنەوە ، ئەنجامدانێکی ئایەتی دوانزەیە، بەڵام بە لۆژیکی بەعس. لە کارەساتی ئەنفالدا ترس و وەحشەت نەک تەنها لە قۆناغەکانی ئەنجامدانی شاڵاوەکان، بەڵکە سامناکییەکی درێژخایەنی لەناو کۆمەڵگەی کورددا هێنایە ئاراوە. ڕاستە کورد گەلێکە باوەڕدارە بە ئایینی ئیسلام و زۆربەی هەرە زۆری کورد موسوڵمانن و لەسەر ڕێبازی قورئانن، واتە بە لۆژیکی قورئان کورد کافر نییە . بەڵام بە لۆژیکی بەعس، کورد گەلێکی کافرە، چونکە باوەڕی بە ڕێبازی بەعس نەهێناوە و چونکە دژایەتی سەرانی بەعس دەکات. سەددام لە خەیاڵگەی خۆیدا خودایە و هێدی هێدی ئەم وێنە درۆنگانەی خۆی بەسەر بەعسییەکاندا بە تایبەتی و بەسەر خەڵکی عێراقدابە گشتی سەپاندووە.
لە سوورەتی ئەنفالدا هاتووە:

*(بە ڕاستی کەسانێ کە کافر بوون سامانی خۆیان بۆ گێڕانەوەی خەڵک لە ڕێگەی خوادا خەرج دەکەن، جا ئەوانە دوای ئەمەش سامانی خۆیان لەو ڕێگایەدا خەرج دەکەن، لە دواییدا ئەبێتە هۆی پەژارە و خەفەتیان و لە پاشانیش تێدەشکێن، وە کەسانێ کە کافر بوون و لەو دنیا بۆ لای جەهەندەم کۆ دەکرێنەوە.)* ئایەتی سی و شەشەم.

*(بۆ ئەوەی خوا ناپاک لە پاک جیا بکاتەوە و ناپاکەکان لەسەر یەک هەڵچنێ ، جا بە تێکڕایی پێکەوە خڕیان بکاتەوە ، جا لە جەهەندەمیان بهاوێ، هەر ئەمانە زیانکارن.)* ئایەتی سی و حەوتەم.

پێشمەرگەی کورد کە دژی بەعسن، بەو لۆژیکەی بەعس کاری پێدەکات، پێشمەرگەکان کافرن. جێگەی حەوانەوەی ئەو پێشمەرگانەش لادێکان و، حەوێنەرەوەی ئەوان لادێنشینەکان بوون. کەواتە لادێنشینەکان بە پێی ئەنفالی وەرگێڕدراو بە فیکری بەعس، کافرن ، چونکە سامانی خۆیان بۆ پێشمەرگە خەرج دەکەن، پێشمەرگەش کەسانێکە کە خەڵک لە ڕێبازی بەعس هەڵدەگەڕێنێتەوە. کەواتە ئەو(بە لۆژیکی بەعس) کافرانە دەبێ تێکشکێنرێن، ماڵ و سامانیان تالان بکرێت و بکرێت بە مایەی خەم و پەژارەیان، دوور بخرێنەوە و بخرێنە دۆزەخەوە.

زیندانی نوگرە سەلمان ئەو دۆزەخەیە کە ئەنفالکراوەکان لە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانیاندا وەسفی ترسناکی دەکەن. پیرەمێردێکی کورد، لە دایکبووی ساڵی ١٩١٢ و دەربازبووی زیندانی نوگرەسەلمان، دەڵێ: *(ئەگەر ئێوە دۆزەختان بیستووە، ئەمە دۆزەخ بوو ئێمە بینیمان.)*[٩] کەواتە دەستنیشانکردنی لادێکانی کوردستان بە گشتی و خەڵکی ئەو لادێیانەی کە داڵدەی پێشمەرگەیان داوە بە تایبەتی بۆ شاڵاوەکانی ئەنفال، پراکتیزەکردنی ئایەتی سی و شەشەمی ئەنفالی قورئانە، بە وەرگێڕانە بەعسییانەکەی.

www.kurdistannet.org

جیاکردنەوەی توێژی گەنج  و پیر، کوڕ و کچ و، و خڕکردنەوەی تێکڕایان و لە دۆزەخی نوگرەسەلمان هاویشتنیان و دواجاریش زیندەبەچاڵکردنیان، پراکتیزەکردنی  ئایەتی سی و حەوتەمی سورەتی ئەنفالە بە وەرگێڕانە بەعسییانەکەی. بێگومان دەکرێ چەندان نموونەی تریش لە ئایەتەکانی سورەتی ئەنفال بێنینەوە کە بە زمانی بەعس وەرگێڕدراون و لەسەر گەلی کورد پراکتیزە کراون.

بە لۆژیکی ئیسلام:

- باوەڕدار: موسڵمانە.
- کافر: دژە ئیسلامە.
- ئایین: پەیڕەوەکانی ئیسلامە کە لە قورئاندا هاتووە.
- خودا: پەروەردەگار و خولقێنەری ئاسمان و زەمینە.
- کتێبی پیرۆز: قورئانی لە خواوە نێردراوە.

ڕژێمی بەعس بەو لۆژیکەی خۆی کە سورەتی ئەنفالی پێ خوێندۆتەوە و پراکتیزە کردووە، کۆدەکانی لە بەرژەوەندی کەسی سەددام و حیزبی بەعسدا گۆڕیوە و ناوەڕۆکی ئایەتەکانی پراکتیزە کردووە. کۆدەکان بە لۆژیکی بەعس وایان لێ دێت:

- باوەڕدار: بەعسیەکانە،
- کافر: گەلێکی موسڵمانە و ئەویش کوردە، یان هەر گروپێک کە دژ بە بەعسە.
- ئایین: حیزبی بەعسە،
- خودا: سەددامە.

هەر لەو قۆناغەداشدایە کە سەددام  لەسەر ئاڵای عێراق دەنووسێ (الله اکبر) ، کە مەبەستی لەو (خودا گەورەترینە) ی هەمان ئەو خودایە نیە کە باوەڕدارانی ئیسلام لە هەموو جیهاندا دەیڵێنەوە، بەڵکە لەو ئاماژەیەدا تەنها مەبەست لە سەددامە. کە ئەمەش شێواندنی کۆدەکانی قورئانەو هەر بە  بە خودی لۆژیکی قورئان و پەیڕەوەکان و ڕێساکانی ئیسلام ئەم کردەوەیە دەبێ  بە کوفر و ئەنجامدەرانی دەبن بە کافر.

ئەنجامی ئەم لێکدانەوەش دەمانگەیەنێتە پێچەوانەی ئەو تێزەی کە یوسف دزەیی لە لێکۆڵینەوەکەیدا پێی گەیشتووە و پێی وایە، کە ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفالی بەعس پەیوەندییان بە سوورەتی ئەنفالی قورئانەوە نییە. لەم تێزەدا کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕووندەبێتەوە پەیوەندی نێوان ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفالی بەعس بۆ سەر کورد و سوورەتی ئەنفالی قورئان کە بۆ دابەشکردنی سەروسامانی کافران لە شەڕی بەدردا دابەزیووە، لە پراکتیزەکردندا هاوشێوەیە، لە تیۆریشدا عەقڵی بەعس ئاڵوگۆڕێکی سامناکی بە کۆدەکانی سوورەتی ئەنفال کردووە و لە بەرژەوەندی خۆیدا خستویەتییە بواری ئەنجامدانەوە.  واتا: هەرچەندە کورد گەلێکی موسوڵمانە و سوورەتی ئەنفال بە مەبەستی جەنگ و تاڵانکردنی کافران هاتووە ؛ هەرچەندە سورەتی ئەنفال بۆ کاتی جەنگ وتراوە و لادێنشینەکانی کوردستان لە جەنگدا ئەنفال نەکراون، و هەرچەندە ئەنفال بە مانای تاڵانی سامانی شەڕکەرانی کافران لە سورەتی ئەنفالدا خراوەتە ڕوو و بۆ ئەو مەبەستە جەنگاوەرانی موسوڵمان ڕێنومایی کراوە، بەڵام بەو لۆژیکەی بەعس سورەتی ئەنفالی پێ خوێندوەتەوە و پراکتیزەی کردووە ، وەک لە چەند خاڵی سەرەوەدا هاتووە کە لۆژیکی بەعس چۆن دیاردەی کافر ، خودا، ئایین و هتد لێکدەداتەوە  وەریان دەگێڕێتە سەر زمانی بەعس کە

زمانێکی تایبەتی زەبروزەنگئامێزە و لەو زمانەشدا کافر بریتییە لە کەسانی ئەنتی بەعس، خودا بریتییە لە سەددام، ئایینن بریتییە لە حیزبی بەعس، ئەوسا دەگەینە ئەم خالآنەی خوارەوە وەک بەرئەنجامێکی ئاسایی لێکدانەوەکان:

١. چەمکی ئەنفال بە هەمان واتا و ناوەرۆکی سوورەتی ئەنفال بۆ ناولێنانی شالآوەکانی کوردقڕانی ساڵی ١٩٨٨ لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە بەکار هاتووە و بە ڕێکەوت نەبووە.

٢. بەعس زمانی تایبەتی خۆی هەیە، دیاردەکان بە زمانی بەعس مانا و ناوەرۆکی تریان هەیە، بەعس زۆر لە ئایەتەکانی سوورەتی ئەنفالی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی خۆی، واتە بە لۆژیکی بەعس لێکی داوەتەوە. بە هەمان شێوەش سوودئاوەژوو لە ئایەتەکانی تری سوورەتەکانی تری قورئان وەردەگرێت.

٣. لە ئەنفالی بەعسدا: کورد کافرە چونکە دژ بە بەعسییە. پێشمەرگەی کورد لە جەنگدایە لەگەڵیدا، کەواتە لادێنشینەکانیش کە دالدەی پێشمەرگەیان داوە جەنگاوەرن و دەبێ ئەنفال بکرێن. لە کاتی ئەو جەنگەشدا سامان و ماڵ و ژن و منداڵیان تالآن دەکرێت.

٤. هەموو ئەو کۆدانەی لە سورەتی ئەنفالدا ئاماژە بە سزادان دەکات، لە شالآوەکانی ئەنفالدا بۆ سەر کورد بەکار براون و ئەنجام دراون.

ئامانجی تری سوودوەرگرتن لە سوورەتەکانی قورئان و خواستنی ناو و زاراوەکانی قورئان لە لایەن بەعسەوە ، یەکەم: بۆ ئەوەی کە خۆی(سەددام) وەک کەسێکی ئایینپەروەر و خواناس پیشان بدات ، دووەم: گەلی کورد وەک گەلێکی کافر بناسێنێ بە وڵاتە عەرەبی و ئیسلامیەکانی دەوروبەری. سێیەم: لە پای ئەو تاوانانەی کە بەرامبەر بە گەلی کورد دەیکات هیچ گەل و گروپێکی موسوڵمان یان ئیسلامی نەیەنە دەنگ، کە لەمەشدا بە تەواوی ئامانجی پێکاو، هەر لە کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە کە خۆی بە بوژێنەرەوەی ئایینی ئیسلام دەزانێت، تا سعودی عەرەبی کە زاینگەی پێغەمبەر و، جیگەی پەیدابوونی خودی قورئانە، لەم کارەساتە ئاگادار و بێدەنگ بوون.

## چەمکی ئەنفال لە فەرهەنگی زمان و لە ئاوەزی کۆمەڵگەدا:

لە ساڵی ١٩٨٨ بە دواوە وشەیەک هاتە نێو زمانی کوردییەوە ئەویش وشەی (ئەنفال) ە. بەڵآم ئەم وشەیە هاوکات تێرمێکی فرەڕەهەندی ترسناک و خۆسەپێنەرە و هەمیشە لە قوڵآیی هەست و لە دەوروبەری مرۆڤێکی ئاسایی کورددا ئامادەیە. زمانی کوردی لە باشووری کوردستاندا لەوەتی وشەی ئەنفال خۆی خزاندۆتەوە فەرهەنگەکانییەوە، لەگەڵیدا بەردەوام ئازار، ئەشکەنجە، مەرگ، تۆقین، قڕکردن، لە برسا مردن، لە تینوا خنکان، لە نەخۆشییدا مردن، گورگانخواردبوون، سەگخواردەبوون، لاقەکردن، فەلاقەکردن و.. زۆر دیاردەی تریش هەڵدەقوڵێن و خۆیان بەرهەمدەهێننەوە. ئەو دیاردە ترسناکانەی کە وەک سینۆنیمی ئەنفال لە زەینی مرۆڤی کورددا تۆمار بوون و ڕۆژانەش تۆماردەبنەوە، ڕووبەرێکی گەورەیان لە دەروونی کۆمەڵگەی کوردپڕ کردۆتەوە. تەنها بە بیستنی ئەم زاراوەیە دۆخێکی دەروونی لە مرۆڤێکی ئاساییدا کە ئەگەرچی خۆی ڕاستەوخۆ بەر شالآوەکەش نەکەوتووە، دروست دەکات. دوای تێپەڕبوونی ١٥ ساڵ بەسەر کارەساتی ئەنفالدا، تەنها بە بیستنی وشەی ئەنفال ئەم کاردانەوە دەروونییانە دەبینین:

- *(کە گوێم لە وشەی ئەنفال دەبێ زۆر زۆر تووڕە دەبم، بە جۆرێ لەو کاتەدا تەنها بیر لە تۆڵەسەندن دەکەمەوە. لەو کاتانەدا پێم خۆشە ئەوانەی ئەم کارەساتەیان بەسەرماندا هێنا بەو دەستانەی خۆم بکوژم.) پیاوێک/تەمەن ٤٠ ساڵ.*

- ( كە گوێم لە ئەنفال دەبێ تا ڕادەی ڕقهەڵسان تووڕە دەبم، حەزم لە تۆڵەسەندنەوە دەبێت. كە ئەنفالكراوێک لە تەلەفیزیۆن دەبینم باسی خۆی دەكات خۆم پێناگیرێ و دەدەمە پرمەی گریان.) پیاوێک/ ٣٨ساڵ

- (كە گوێم لە وشەی ئەنفال دەبێ،تووڕە دەبم، كۆنترۆڵم بەسەر خۆمدا نامێنێ. ئەگەر فرمێسكیش بە چاوەكانمدا نەیەتە خوارەوە، دەگریم، گریانێک نەک تەنها بە چاو، بەڵكو هەموو ئەندامێكی لەشم دەزریكێنێ. ڕۆحم دەناڵێنێ!)پیاوێک/ تەمەن ٣٤

- (بە بیستنی ئەنفال هەست بە بێدەسەڵاتی دەكەم. هەست دەكەم بێتواناترین مرۆڤی سەر ئەم كەونەم.) ژنێک / تەمەن ٤٠

- (كە ئەنفالكراوێک بەسەرهاتی خۆی دەگێڕێتەوە، وا دەزانم ئەوە منم ئەو كارەساتەم بەسەر هاتووە و لە كابووسێكی ترسناكدا ئەو خەوەم دیووە.) ژنێک/ تەمەن ٤١

- (كە گوێم لە ئەنفال دەبێ هەست بە تەنیاییەكی كوشندە دەكەم. تەنیاییەكی تاكەكەسی خۆم و تەنیاییەكی نەتەوەیی. تەنها لە بیستنی ئەو وشەیەدا هەست دەكەم تەنانەت شاخەكانیش پشتیوانمان نین.) پیاوێک/تەمەن ٤٢ ساڵ.

- (كە مرۆ بیر لە ئەنفال دەكاتەوە هاوكات تووڕە و خەمگین دەبێت. ئێستاش، دوای تێپەڕبوونی ١٥ ساڵ بە سەر كارەساتی ئەنفال، كە ژنێكی گەرمیانی دەبینێت هەموو مناڵەكانی لەدەست داوە و منداڵی منداڵەكانی لەدەست داوەو دەروێشانە دەگریە و سۆز دەكات، مرۆ خۆی پێ ناگیرێ و فرمێسكەكانی بە سەر گۆنایا دێتە خوارەوە. مرۆڤ هەست بە بێهیوایییەكی زۆر دەكات، هاوكات ڕادەمێنێ و دەپرسێ: ئەرێ ئەمانە چ جۆرە كەسانێ بوون وا دڕندە، نامرۆڤ، نەخۆش...، كە كارێكی وا لەگەڵ مرۆڤی وەک ئەمانە دەكەن.) پیاوێک، ٣٣ ساڵ
- (هەست دەكەم زۆر گوناحین ، هەست دەكەم ناڕەوایییەكی بێ ئەندازەمان لەگەڵدا دەكرێ و كەس گوێی لێمان نییە و نامانبینێ!) ژنێک/ تەمەن ٣٩ ساڵ.
- (كە وشەی ئەنفال دەبیستم موچوركم پێدا دێت. هەست بە ڕقێكی زۆر دەكەم. تووڕە دەبم.) پیاوێک/ تەمەن ٣٠ ساڵ.
- (هەست بە تاریكیی دەكەم. لەناو ئەو تاریكییەشدا دەنگی هەزاران قیژەقیژ و هاوار و نزا و پاڕانەوە دەبیستم.) پیاوێک/ ٣٨ ساڵ.
- (كە وشەی ئەنفال دەبیستم، تەنها چاڵم بیر دەكەوێتەوە. هەست دەكەم دنیا چاڵێكی گەورەیە.) ژنێک/ ٣٧ ساڵ.
- (هەست بە حوزنێكی زۆر زۆر قووڵ دەكەم.) ژنێک/٤٥ ساڵ

www.kurdistannet.org كوردستان نێت

لەم گوزارانەدا کۆمەڵێک دۆخی دەروونی لە ئەنجامی بیستنی وشەی ئەنفالدا لای گوزارەلێکەرانی دروست دەبێت. بەرچاوترینی ئەو دۆخانەش ئەمانەن: تووڕەیی، خەمباری، گریان، ڕقهەڵسان، بێهودەیی. کاردانەوەی هەر یەک لەم دۆخانەش دەشێ ئەمانە بێت: لە ئەنجامی تووڕەیی و ڕقهەستاندا پاڵنەرێکی دەروونی بۆتۆڵەسەندنەوە، لە ئەنجامی خەمباری و گریان و بێدەسەلاتیدا هەستکردن بە دیاردەی خەمۆکی، لە ئەنجامی تەنیایی و هەستکردن بە بێهودەیی ژیان دروستبوونی جۆرێک لە بێبایەخی و فەرامۆشی بەرامبەر بە ئەوانی دی. بە پێی ڕۆڵی جیاوازی ژن و پیاو لە کۆمەڵگەی کورددا، لە وەڵامی زانیاریدەرەکانیشەوە ئەو ڕۆڵە جیایانە بە زەقی دەردەکەوێ، دەبینین پیاوان دۆخی تووڕەبوون و ڕقهەڵسان بە سەریاندا زاڵ دەبێت، کاردانەوەشیان دروستبوونی هەستی حەزکردن بە تۆڵەسەندنەوەیە لە ئەنجامدەرانی تاوانەکانی ئەنفال، بەڵام  ژنان دۆخی ترس و تەنیای و بێدەسەلاتی و نائومێدی بەسەریاندا زاڵ دەبێت و، کاردانەوەی ئەم دۆخەش بەرەو خەمۆکی و بێهیوایی و فەرامۆشییان دەبات. بەڵام لە لای وەڵامدەرەوە پیاوەکانیش ئاماژە بە تەنیایی و تاریکی وەک پەسنی حاڵەتی دەروونی دەبیستین، کە ڕەنگە زیاتر لە ئاکامی ڕەشبینیەوە بێت بۆ داهاتوو، یان مەترسی ڕوودانی کارەساتێکی تر، یان دووبارەبوونەوەی ئەو کارەساتەی کە تەنها بە ناوهێنانی مرۆی کورد دادەچڵەکێ. کارەساتی ئەنفال فاکتەرێکە بۆ دروستبوونی ڕۆحی شەڕانگێزی لای هەندێک و ڕۆحی نائومێدی لای هەندێکی دی. لە تیۆری فرۆید دا بۆ شەڕانگێزی مرۆ، ڕۆڵی سێ هۆکار دەستنیشان دەکرێت، یەکەمیان: شەڕانگێزی وەک دەربڕینی ڕەمەکی سێکسی، دووەم: شەڕانگێزی وەک گوزارەیەک بۆ بەرگری لە خود، سێیەم: شەڕانگێزی وەک دەربڕینی ڕەمەکی مردن، واتە حەزی وێرانکردن و لەناوبردن.[١٠] لە دۆخی مرۆڤی کورددا و ئەو گوزارانەی کە ئاماژە بە تۆڵەسەندنەوە و کوشتن و تووڕەبوون دەکات، واتە حاچەتێکی  شەڕانگێزی ، لە سۆنگەی ئەنفالەوە وەک گوزارەیەک بۆ دەربڕینی ڕەمەکی مردن و، هەروەها وەک گوزارەیەک بۆ بەرگریکردن لە خودی مرۆی کورد هاتووە. بە ناوهێنانی ئەم چەمکە، ئەوەی بە خێرایی بە مێشکدا گوزەردەکات و هەستەکانی چالاک دەکاتەوە، ڕەفتاری زەبروزەنگئامێزی ئانفالکارەکانە لە میانەی سەرگوزەشتەی ئەنفالکراوەکانەوە، کە مردن، کوشتن، زیندەبەچاڵکردن وەک سێ سینۆنیمی سەرەکی لە بەرامبەر چەمکی ئەنفالدا دەردەکەون. ئەنفال مرۆڤی کورد دەخاتە ناو دۆخێکی تەمومژاوی پڕ لە گومانیشەوە، نەک بەرامبەر بە ئەنفالکاران، بەڵکە بەرامبەر بە هەموو مرۆڤایەتی:

*(ئەنفال گومانم لا دروست دەکات کە شتێک بەناوی هەقیقەتەوە بوونی هەبێ. مادەم کارەساتی ئەنفال هەیە و میللەتەکەی منی بەو دەرەدە بردووە کە لە گێڕانەوە نایە، ئیتر بڕوام بە هیچ هەقیقەتیک نەماوە.) ژنێک/٤٠ساڵ*

*(هەست دەکەم من وەکو کورد حسابی ئاژەڵیشم بۆ ناکرێت. هەست دەکەم زۆر کەمبایەخم.) پیاوێک/٣٥ساڵ.*

*(وشەی ئەنفال تاڵانم بیر دەخاتەوە. تاڵانی ماڵ و حاڵ نا، بەڵکو تاڵانی ئینسانییەتی ئینسانی کورد.) ژنێک ٢٨ ساڵ*

---

ئەو دۆخە دەروونییەی کە کارەساتی ئەنفال سەرچاوەیەتی و گومان بۆ مرۆڤی کورد بەرهەم دەهێنێ بەرامبەر بە ئەوانیتر، کە لێرەدا ئەوانیترهەموو مرۆڤانی سەر زەوییە و هەموو مرۆڤایەتییە، دۆخێکە تەنیا وشەی ئەنفال دروستی نەکردووە، بەڵکە لە مێژووی کۆلۆنیبووی کوردەوە سەرچاوەی گرتووە. مرۆڤی کورد ئەنفال وەک ئەنجامێکی ئەو دابەشکردن و بەخشینەوەیەی کوردستان و نەتەوەی کورد دەبینێ. ئەوانیتر بوون ئەمەنیان دابەشی سەر نەتەوەکانی تر کرد و لە لای هەموویاندا بوون بە کەمایەتی، بە گەلی ژێردەست. ئەوانیتر هۆکار بوون لە کردنی ئەمان بە کەرەستەی خاو بە دەستی رژێمێکی وەک بەعس، کە ئەویش لە لای خۆیەوە دەیانکات بە کەرەستەی تاقیکردنەوە، لە تاقیگەی چەکی کیمیایی و بیۆلۆژی. دوای ڕوودانی ئەو هەموو کارەساتانەی هەشتا ساڵە دەیچێژن، دیسانەوە ئەوانیترن کە بێدەنگن بەرامبەر ئەو تاوانانە. مرۆڤی کورد ئەمە لە زەینیدا دەسوڕێتەوە، بۆیە گوزارە لە گومانێکی ڕاستەقینە دەکات بەرامبەر بە مرۆڤایەتی ئەوان و هاوکات مرۆڤایەتی خۆی، وەک لەو دوو گوزارەیەی سەرەوەدا خۆی نواندووە.

لە لای کەسانی جیاواز دۆخی جیاواز لە ئەنجامی بیستنی وشەی ئەنفالدا دروست دەبێت. دۆخەکان نەک تەنها کاریگەرییە دەروونییەکە زەق دەکەنەوە، بەڵکە کاریگەرییەکی فیزیکییش دروست دەکەن.

*(هەست بە داڕووخان و لەشداهێزران دەکەم. وشەی ئەنفال دەمارەکانم گرژ دەکاتەوە و ئارەقە دەکەم.)* *پیاوێک/ ٢٩ ساڵ..*

*(بە وشەی ئەنفال ناوچەوانم گرژ دەبێتەوە و یەکسەر هەست بە سەرئێشەیەکی توند دەکەم.) ژنێک/ ٣٦ ساڵ*

*(دەگریم، خۆم پێ ناگیرێ لەبەردەم تەلەفیزیۆن کە ژنێک کارەساتی خۆی دەگێڕێتەوە. بە جۆرێ هەست دەمگرێ کە خەریکە بخنکێم.) پیاوێک/ ٣٩ ساڵ.*

*(ئەنفال خاوم دەکاتەوە. هەست دەکەم هیچ هێزم تێدا نامێنێ و خەریکە ببورێمەوە.)ژنێک/٣٧ ساڵ.*

هەموو ئەو دۆخانەی گوزارەی لێکراوە، گرژبوونەوە، خاوبوونەوە،سەرئێشان، گریان، ئارەقەدەردان و.. هتد، کاریگەری سۆماتیکین و لە ئەنجامی دۆخی سایکۆلۆژییەوە دروست دەبن. هەموو ئەوانەش میکانیزمی بەرگرین لە لایەن مرۆی کوردەوە بەکاردەهێنرێن بۆ بەرگریکردن لە قەیرانی دەروونی سەخت، کە لەوانەیە بەهۆی خەمۆکی و هەستی بێدەسەڵاتی و هەستی ڕقهەڵسانەوە دروست ببێت. ئاساییە کاردانەوەی کەسێ لە کەسێ جیاواز بێت و لە یەکێکدا خاوبوونەوە ڕوویدات ، لە یەکێکی تر گرژبوونەوە، ئەمە بەهۆی جیاوازی ئەزموونەکانی ژیانی هەر یەکێکیانەوەیە و ڕادەی بەرکەوتنی ڕاستەوخۆی پرپیشکی زەبروزەنگی بەعسە بەو کەسانەوە. بە دەگمەن پیاوی کورد هەیە زیندانی بەعسی نەدیبێ و ئەشکەنجە نەدرابێ. بە دەگمەن ژنی کورد هەیە جۆرێک لە جۆرەکانی سوکایەتیپێکردنی لە لایەن بەعسەوە پێنەکرابێت. جۆر و ڕادە و چۆنێتی ئەو ئەزموونە تاڵانەش دەبنەهۆی کاردانەوەی جیاواز لە کاتی بیرکردنەوە لە ئەنفال.

کارەساتی ئەنفال و ناوهێنانی ئەم چەمکە شوومەی ئەنفال لە هەندێ کەسی دەگمەندا دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی جۆرێکی دەگمەن لە دۆخی دەروونی ترسناک، وەک لەم گوزارەیەدا دەردەکەوێ:

*(کە ئەم وشەیە دەبیستم خەریکە شێت و هار بم. گشت گیانم دەیەشێ و هەموو دنیام لا تاریک دەبێ.) پیاوێکی ٤١ ساڵە.*

له لای هەندێک قووڵی خەمی ئەنفال حاڵەتێکی ڕۆحی وا دروست دەکات کە فەنتازیایان دووریان دەخاتەوە و دەیانەوێ مەحاڵ دروست بکەن و خۆیان و خەڵکەکەیان بگوێزنەوە بۆ شوێنێک کە دەستی کەسی پێ نەگا.

*(ئەنفال، کە ئەم وشەیە دەبیستم حەز دەکەم موعجیزەیەک ڕوو بدات و کورد لەو ناوچەیە نەمێنێت و لەسەر ئەستێرەیەکی تر نیشتەجێ بکرێت.)* پیاوێک/ ٥٥ساڵ

کارەساتی ئەنفال کەشێک لە تۆقین پێک دەهێنێ، بە تایبەتی کە قوربانییەکان خۆیان بەسەرهەتاکانی خۆیان دەگێڕنەوە. بە تایبەتیریش کە باسی چۆنێتی مردنەکانەکانیان دەکەن، کە نائاسایترین جۆری مردنە، بە تایبەتی کە ژنان باس لە مردنی جگەرگۆشەکانیان دەکەن و کۆتایی ئەو کۆتاییەش بە وشەیەکی سامناکتر دێت، لاشەکانیان سەگ خواردوویەتی. ئیدی چۆن بە بیستنی سەرئێشە و خەوزڕان و تەنانت ڕۆحئێشەش دروست نابێت. *(هەر جارێ کەسێکی ئەنفال لە تەلەفیزیۆنێک ببینم ئەو شەوە خەوم دەزڕێ و بە درێژایی شەو بیر لە قوربانییەکانی ئەنفال دەکەمەوە.)* ژنێک/ ٤٦ ساڵ.

## ئەنفالکراوەکان یەکسانن بە شەهیدە زیندووەکان:

ئەوانەی لە ناوچوون هەن بە ١٨٢ هەزار دەیانخەمڵێنن، هەشن مەزەندە دەکەن لە ٢٠٠ هەزار زیاتر بن. ئەو سامناکییەی چەمکی ئەنفال دروستی کردووە، تەنها لەبەر سامناکی جۆری مردن و تیژەوەتیری جێگای مردنیان نییە، هێندەی سەرگوزەشتە و چیرۆکی ئەوانەی کە لە دۆزەخەکانی ئەنفال گەڕانەوە. ئەوانەی کە گەڕانەوە، وەک خۆشیان گوزارەی لێدەکەن و بە ڕۆژی حەشر ناوزەدی دەکەن، ئەوانەن کە ڕۆژانە ژیانیان چیرۆکی تراژیدیا دەگێڕێتەوە، ئەوانەی کە ئازارەکانیان ئازار بەرهەم دەهێنێتەوە.

لای زۆر لە گەلانی ژێردەستە کەسانێک کە لە پێناوی سەربەخۆیی شەهید دەبن پێیان دەوترێ نەمر. لە کۆمەڵگەی کوردیشدا پلەکانی هەرە سەرەوەی سەروەری بە شەهید دراوە، بەڵام ئەمانە گوزارەی ورەبین(معنوی) و، مانای ئەوە نادات کە ئەو شەهیدانە ژیانیان بەردەوامە. بەڵام لە دۆخی ئەنفالکراوە ئازادبووەکاندا، ئەوانەی کە هەموو جۆرە مەرگێکی سامناک بە لایاندا تێپەڕی، بەڵام ئەمان مەرگیان تێپەڕاند. ئەوانەی هاتنەوە نێو کۆمەڵگە و ڕۆژانە زەینی مرۆڤی کورد پڕ دەکەن لە چیرۆکی ئەو ئەشکەنجە و مەرگە بێوێنانە. ئەوانە ئەو شەهیدە زیندووانەن کە باوەڕی نەمریی شەهیدیان کرد بە ڕاستییەک. ئەم گوزارە سەرسامکەرە پیاوێکی شاعیر دەیکات و، دەڵێت:[11]

*(کە لە تەلەفیزیۆندا ئەنفالکراوێک قسە دەکات، من شەهیدێکی زیندوو دەبینم.)*

کەسێکی تر، ناڕاستەوخۆ هەمان گوزارە دووبارە بۆ ئەنفالکراوە ماوەکان، کە زاراوەی (پاشماوەی ئەنفالەکان) یشیان بۆ بەکارهاتووە، بەکار دەهێنێت. کاتێ هەستی خۆی بە دێڕێک بەرامبەریان دەردەبڕێت و دەڵێت: *(ئەنفالکراوەکان،ئێوە لە هەستمانن، لەگەڵ هەموو هەناسەیەکدا، هەموو لێدانێکی دڵماندا، لە بیرمانن).* ئەم گوزارەیە بە درێژایی شۆڕشی کورد دووپاتە دەبێتەوە و لە وتار و نووسین و لە ڕادیۆکاندا ئەم گوزارەیە بۆ شەهیدان وتراوەتەوە. هەروەکو لە سروودە بەناوبانگەکەی (ئەی شەهیدان) کە لە هۆنراوەکانی ئیبراهیم ئەحمەدە و بە دەنگی هونەرمەندی ناسراو ناسری ڕەزازی وتراوە، هەمان مەبەست و هەمان ڕۆڵی نەمریی و هەرمان دەدا بە شەهیدان. ئەم سروودە یەکێک بووە لە جۆشئاوەرترین سروودەکانی شۆڕشی ڕزگاریخوازی گەلێ کورد و، لە سەر زاری هەموو کەسێک بووە.

---

دیسانەوە کەسێکی تر و گوزارەیەکی پڕ لە ئاماژە بۆ ئەنفالکراوەکان بەرهەم دەهێنێ و دەڵێت: *(ئەوان فرمێسک و خەمی هەموو کوردن. ئەوان هاواری هەموو ژن و منداڵ و پیاوی کوردن بۆ یارمەتی و دەڵێن ئێمە گەلێکی خاوەن شانازیین و ئەم ئەشکەنجە و زەبرزەنگە قبووڵ ناکەین. ئەوان چاوەکانمان، لەوانەوە ڕۆشناییەک بۆ دوارۆژ دەبینین.)پیاوێک/٣٢ساڵ.*

ئەگەرچی لای هەندێک کارەساتی ئەنفال تەنها نووتەکی و تەنیایی و بێدەسەڵاتی وەبیردەهێنێتەوە، لای هەندێکی تر هیوای ئایندەیان تیا دەبینێ و، لە میانەی ئەو قوربانییە زۆرەی ئەوان دایان ڕۆشنایی دەبینێت. ڕۆشنایی بۆ کۆمەڵگەیەکی لە دۆخی کورددا تەنها ڕزگاربوونێتی لە ژێردەستی ئەنفالکارەکان.

## لە چاوەڕوانی ڕابردوودا :

چاوەڕوانی ، ئەو حاڵەتە دەروونییە وەرسکەرەیە کە سەرجەم کۆمەڵگەی کوردی باشووری کوردستانی گرتۆتەوە. لە کارەساتی ئەنفالدا سیاسەتی پەنهانی و شاردنەوەی تاوان بە شێوەیەک ئەنجام درا کە لاشەی قوربانییەکان نەدرانەوە دەستی کورد خۆی و هەر لە بیابانەکانی باشووری عێراقدا لە چاڵ نران. ئەمەش کارێکی وای کردووە کە مرۆڤی کورد گومان لەوە بکات کە کەسانی ئەنفالکراو هەموویان لەناوچووبن و هەمیشە لە چاوەڕوانی دەرکەوتنی سۆراخیاندابە. ئەگەرچی بەڵگەکان ئەو گومانە پووچ دەکەنەوە و جەخت لەسەر لەناوچوونی ئەو قوربانییە زۆرە دەکەن، بەڵام وەک حاڵەتێکی هەستی ئەم چاوەڕوانییە ڕۆحییە لای نەک تەنها کەسوکاری ئەنفالکراوەکان. بەڵکە لای تێکڕای مرۆی کورد دەمێنێتەوە: *(هەستی من وەک هەستی ئەو ئافرەتە ڕەشپۆشانەیە کە وا بوو بە پانزە ساڵ و هەر لە چاوەڕێی هاوسەر و منداڵەکانیاندان، بە فرمێسک ڕشتن چاوەکانیشیان لە دەست دا.) پیاوێک، تەمەن ٤٢ ساڵ.*

کارەساتی ئەنفال، هەموو جوڵە ئاساییەکانی لە نیوەچڵیدا وەستان، هەموو هەستە پەیوەندیدارەکان بە یەکترەوەی لە یەکتری ترازاند. پەیوەندی نێوان دایک و منداڵەکەی، خوشک و برا، ژن و مێرد، خۆشەویستان، عاشقان، هاوڕێ، هاوسێ، ناسیاو، هەموو پەیوەندییەکانی لە دۆخی چاوەڕێکردنی یەکتریدا هێشتەوە.

*(کاتێ بیر لە ئەنفال دەکەمەوە هەردەم زەردەخەنەی منداڵێکی شەش ساڵی ناسیاومان دێتە بەرچاو، کە بەیانییەک دایکی دەچێتە بازاڕ بۆ کڕینی کولێرە، ئەم منداڵە لەگەڵ باوکی لە ماڵەوەیە و بەم بەیانییە چاوەکانی هەڵدەگلۆفێ و چاوەڕێی کولێرەبەرۆن دەکات، کاتێ مەفرەزەیەکی ئەمن هێرش دەکەنە سەر ماڵەکەیان و بە بلدۆزەر خانووەکە دەرووخێنن و کچە و باوکەکە ڕاپێچی ناو لاندگرۆزەرەکان دەکەن. ئەنفالکراوەکان مەرگی ١٨٢ هەزار زەردەخەنە و چاوەڕوانییەکی جوانەمەرگن و ئەنفالەکانیش دڵی ئەو دایکە میلاک و هەمیشە داماوەیە کە لە چاوەڕوانییەکی ئەبەدیدا لە لێدان دەکەوێت.) ژنێکی شاعیر .*[12]

ئەوەی ڕووداوی ئەم دابڕانەی دیبێ، یان هەر بیستبێ لە زەینیدا تۆمار دەبێ و خۆیشی لە دەروونی خۆیدا دەکەوێتە چاوەدێریکردنی چارەنووسی ئەنفال بۆ ئەوەی دڵنیابێتەوە لە گەیشتنی ئەو دایکە بەو منداڵە، یان ئەو مێردە بە ژنەکەی، یان هەر جۆرە دابڕانێکی تر کە بیستبێتی. ئەو چاوەڕوانییە تەواو وایە وەک ئەم ژنە کوردە شاعیرە گوزارەی لێدەکات، چاوەڕوانییەکی جوانەمەرگ، چاوەڕوانییەکی ئەبەدی.

***لە خۆڕاگران:***

کارەساتی ئەنفال دۆخێکی دەروونی تریشی هێنایە ئاراوە، ئەویش دۆخی لە خۆڕامان وەک کوردێک دابڕاو لە جۆری خۆی(وەک مرۆڤ). هەروەک چۆن دۆخی گومان لە مرۆڤبوونی مرۆڤی دروست کرد و لە سەرەوە ئاماژەمان بە نموونەی گوزارەکردن لەو دۆخە کرد، هەر بەوجۆرەش ئەم هەستە دۆخی گومانکردن لە مرۆڤبوونی خۆی لا دروست کرد. لە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی ئەنفالکراوەکاندا سەرسامییەکی پڕ لە پەژارە لای مرۆڤی کورد دروست دەبێت، سەرسامییەک کە دەیخاتە ناو دۆخێکی دەروونی واوە کە بە گومانەوە لە کوردبوونی خۆی ڕا بمێنێ. لە ئەنجامی بێهوودەییەکی زۆر زۆرەوە ناچاری کات بیر لە مەحاڵ بکاتەوە، یان بە خەیاڵ کورد بگوێزێتەوە بۆ ئەستێرەیەکیتر، یان زۆر بە پەژارەیەکی قووڵەوە بپرسێ:

*( زۆر بە قووڵی بیر دەکەمەوە و لە ئاڵۆزی و لە بنبەستی کێشەی کرد سەرسام دەبم و پەژارە دامدەگرێ. هەندێ جار دەڵێم باشە خوایە گیان بۆچی بەم شێوەیەیە، باشە کە گەلێکی هێندە بێ پشتیوان و بێ داڵدەین، بۆچی یەک داگیرکەرمان نەبوو تا کێشەکەمان ئاسانتر بێت. کچە هەشت ساڵەکەم لە تەلەفیزیۆنەوە قوربانییەکانی هەڵەبجە دەبینێ لێم دەپرسێ دایە ئەمانە بۆ وا مردوون، ئەی بۆ وا دەموچاویان سەیرە، ئەمانە کێ وای لێ کردوون. نازانم چی وەڵامی ئەو بەستەزمانە بدەمەوە، کە کوردە و سەر بەو گەلەیە، ئەگەرچی لە سوێد لە دایک بووە. کێشەی ئێمە بۆ وا ئاڵۆزە؟ چۆن منداڵەکانمان تێبگەیەنین؟ باسی کام کارەساتی بۆ بکەین، هەڵەبجە؟ ئەنفال؟ تووشی پەژارەیەک دەبم کە وەسف ناکرێت!) ژنێک/ ٣٧ ساڵ.*

ئەم دۆخەی ژنێکی کورد لە دووری هەزاران کیلۆمەتر لە کوردستانەوە ، دوای پانزە ساڵ تێپەڕبوون بەسەر کارەساتی ئەنفال و هەڵەبجە ئابلۆقەی دەدا، دەتوانێ تەنها وێنەی هەمیشە تازەیی، نەزیفێکی دەروونی مرۆڤی کورد پیشان بدات کە نە کات و نە شوێن ڕۆڵی تیا دەبینن. ژنێکی کورد لە سوێدەوە ، کە وڵاتێکە ٢٠٠ ساڵە ئاشتی تیایدا بەرقەرارە و هیچ فەرمانڕەوایەک پەنجەتووتەی هاوڵاتییەکی خۆی ئازار نەداوە و دڵنیاییەکی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی لەم وڵاتەدا هەیە، کەچی ژنێکی کورد دەکەوێتە نێو دۆخێکی واوە کە بە پەژارەیەکی لە ڕادەی وەسفکردن بەدەر لە کوردبوونی خۆی ڕا بمێنێ و هەست بە بنبەست بکات. ئەم ژنە تەنها گوزارە لە خۆی ناکات، ئەم دۆخە لای زۆر لە ژنان و لە پیاوانی کوردستان دوو پات دەبێتەوە و، بەڵکە پەتایەکە دەگوێزرێتەوە بۆ منداڵانیش. منداڵێک کە لە سوێد، بەرلین، لەندەن، واشەنتۆن ، یان هەر شوێنێکی تری دنیا لە دایک و باوکێکی کورد دروست دەبێت، لەو کاتەدا کە لە ناسنامەی خۆی دەگەڕێت و دەکەوێتە پرسیارکردن لە خۆی و دەزانێ کوردە، ڕووبەڕووی ئەو قەیرانە دەبێتەوە کە دایک و باوکی خۆیان دەناڵێنن بە دەستیەوە، ئەویش قەیرانی ناسنامەیە، یان چاکتر وایە بوترێت قەیرانی بێناسنامەیی یە. *(ئەنفال، ئەو کارەساتەیە کە پێکەنینی لەبیر بردەمەوە.)* ئەم گوزارە ترسناکە لە ئەنفال پیاوێکی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نیشتەجێی یەکێک لە وڵاتەکانی ئەوروپا دەیکات، هەر ئەو پیاوە دەڵێت:*(منداڵەکانمان هەمیشە پرسیاری ڕەگ و ڕیشەی خۆیان دەکەن، لە ڕۆژی هەڵەبجەدا لێمان دەپرسن بۆچی ئێمەی کورد وامان لێدەکرێت.)* ، ئەمە پرسیاری منداڵانی کوردی تاراوگەشە، نەک هەر منداڵانی کوردستان. ئارا، منداڵێکی تەمەن حەوت ساڵە و لەدایکبووی سوێدە. کە لەگەڵ دایکیدا دەچێ بۆ بەشداری یادی پرسەئامێزی هەڵەبجە و وێنەکان دەبینێ، لەو ڕۆژەوە کاریگەری ئەو وێنانە پرسیاری هەمەچەشنەی سەبارەت بە ناسنامەی خۆی لا دەوروژێنن.

ئەم وتووێژە لە نێوان ئارا و دایکی ڕوودەدات:

*(ئارا: دایە ئێمە چی بکەین بۆ ئەوەی منداڵانی کورد ئیتر بە گازی کیمیایی نەکوژرێن؟*

*دایکی: کورم ئێمە لێرە هیچمان پێ ناکرێ، لە کوردستان پێشمەرگە شەڕ لە گەڵ دیکتاتۆردا دەکات، ئەوان دەتوانن شتێ بکەن.*

*ئارا: نا دایە، ئێمەش دەتوانین شت بکەین.*

*دایکی: چی بکەین؟*

*ئارا: من سبەینێ لە قوتابخانەکەی خۆمان ئیمزای منداڵان کۆ دەکەمەوە و دەینێرین بۆ مافی مرۆڤ.)*

ئارای حەوت ساڵە، کە پۆلی یەکەمی سەرەتاییە، تێکستێکی کورت و سادە بە زمانی سوێدی دەنووسێ و دەیبا ئیمزای منداڵەکانی هاورێی و مامۆستاکانی کۆدەکاتەوە. نامەکەی ئارا بەم شێوەیەیە:

*(ئێمە ئاوەخوازی ئاشتین بۆ منداڵان لە عێراق و لە کوردستان ئێستا و دوای ڕژێمی سەددام. هیواداریین منداڵانی لە ئاشتی و دڵنیاییدا بژین. ئاوەتەخوازین هەموو منداڵانی کوردستان و عێراق وەک ئێمە بچن بۆ قوتابخانە، یاری بکەن و شادمان بن و یاری بە کۆمپیوتەر بکەن، وەک منداڵانی سوێد.)* کارەساتەکانی ئەنفال و هەڵەبجە، کاریگەرییان لەسەر کەسایەتی منداڵانی کوردیش داناوە و، کێشەی کورد قەیرانی ناسنامە لای چەندان نەوەی پێش و پاش کارەساتەکانی ئەنفال و هەڵەبجە دروستکردووە و دەکات.

## کارەساتی ئەنفال و میکانیزمەکانی بەرگری :

وەک لە بەشی تیۆری ئەم لێکۆڵینەوەدا ئاماژەی پێکرا، مرۆ بۆ ئەوەی کاریگەریی هەڕەشە و ناخۆشییەکان لە خۆی دوور بخاتەوە، پەنا بۆ کۆمەڵێ میکانیزمی بەرگری دەروونی دەبات. ئەوگوزارانەی کە ئاماژەیان پێ کرا و لە ئەنجامیاندا کۆمەڵێک دۆخی دەروونیمان دەستنیشان کرد کە مرۆڤی کورد ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. گریمانی ئەوەمان کرد مرۆڤی کورد بۆ خۆپاراستن لە کاریگەرییەکانی کارەساتی ئەنفال لەسەر تەندروستی خۆی پەنای بۆ جۆرەها میکانیزمی بەرگری بردبێت، کە لێرەدا هەوڵ دەدەین لەو گوزارانەوە هەندێک جۆری میکانیزمی بەرگری دەروونی مرۆڤی کورد دەستنیشان بکەین. چەپاندنی ئازاری کارەساتی ئەنفال لە دەروونداا، جۆرە هەرە بەکارهێنراوەکەی ئەو میکانیزمانەیە. بەڵام ئەم چەپاندنە لەگەڵ هەر بیرهێنەرەوەیەکی ڕاستەوخۆ، وەک بیستنی وشەی ئەنفال، یان بیستنی سکاڵای ئەنفالکراوێک یان کەسوکاری ئەنفالکراوێک لە تەلەفیزیۆن یان هەر شوێنێکی تر. هەندێ لە زانیاریدەرەکان لە کاتێکدا پرسیاریان لێکراوە کە لە تەلەفیزیۆندا ئەنفالکراوێک بەسەرهاتی خۆی دەگێڕێتەوە، بۆ ئەوەی هاوکات سەرنجی باری دەروونی و شێوەی دەربڕین و کاریگەرییەکەی بکرێت. لەو سەرنجدانەدا بە تەواوی ئەوە ڕوون دەبووەوە کە ئەو کەسە تووشی نائارامییەکی دەروونی هاتووە، ئەو نائارامییە لە گرژبوونەوەی نێوچەوانیدا، لە داپۆشینی سیمایدا بە خەمێکی قووڵ، لە تێزانی فرمێسک بە چاوەکانیدا، لە جموجوڵێکی نائاسایی لە جەستەیدا، دەبینرا. یەکێک لە زانیاریدەرەکان کە پیاوێکی ٣٩ ساڵە بوو، لە کاتی وەڵامدانەوەدا دەستی کرد بە گریان و بە ئاستەم وەڵامی پێ درایەوە. یەکێکی تر لە زانیاریدەرەکان، پیاوێکی ٣٣ ساڵە بوو، لە کاتی تەماشاکردنی ئەنفالکراوێکدا لە تێڤی جموجۆڵێکی نائاسایی دەکرد کە دەربڕی هەستێکی پڕ لە ناڕەحەتی بوو، لە وەڵامیشدا ئەوەی دەربڕی کە بە بینینی ئەم قوربانییانە هەموو گیانی دەدا لە ئێش. هەندێ لە زانیاریدەرەکان باسیان لە سەرئێشە دەکرد، یان ئارەقە دەردان، یان ڕەقبوونی دەمار، کە ئەمانە هەموو کاردانەوەی باری دەروونییە لەسەر باری فیزیکی مرۆڤ. فەرامۆشی یەکێکی ترە لە میکانیزمەکانی بەرگری مرۆڤی کورد، کە هەندێک بە شێوەیەکی سادە، یان گاڵتەجاڕی دەردەبڕێت.

ژنێکی هەژاری کورد لە ترسی چەکی کیمیایی، هەرچی پارەی هەیە دەیدات بە نایلۆن و بە دەرگا و پەنجەرەکانی ماڵەکەیدا دایدەکوتێت، ئەم ژنە هەژارە بە گوزارەیەکی بێباکەنەوە، کە گوزارەیە لە میکانیزمێکی بەرگری دەروونی دەڵێت:*(ئەم هەموو پارەیەم دا بە نایلۆن و بە پەنجەرەو دەرگادا دامکوتا، ئەترسم سەددام کیمیایشمان پیا نەکات.)*[13] لەم گوزارەیەدا دوو دۆخ دەخوێندرێتەوە، دۆخی هەژاری لە ڕادەبەدەری کورد لە نیشتیمانێکدا کە خاکەکەی پڕە لە سامانی سروشتی و لێی بێبەش کراوە، دۆخی تۆقین لە چەکی کیمیایی تا ڕادەی ئەوەی پارەی نان بدرێ بە نایلۆن بۆ خۆپاراستن لە مردن بە چەکی کۆکوژی، و دۆخی فەرامۆشی و بێباکی وەک میکانیزمێک بۆ پاراستنی دەروون لەو هەڕەشە سامناکەی چەکی کۆکوژی کە لە پێشتر دەیان هەزاری لێ کوشتوون و لێ دەربەدەر کردوون. خوود تۆقاندن یەکێکی ترە لەو میکانیزمانەی کە مرۆڤی کورد پەنای بۆ دەبات. دەکرێ کۆڕەوی سێ ملیۆنی بەهاری ١٩٩١ ی دوای ڕاپەڕین و ، کۆڕەوی ئەمساڵ ٢٠٠٣ لە کاتی ڕاگەیاندنی جەنگی ئەمەریکا دژ بە ڕژێمی سەددام، دیسانەوە بەو میکانیزمە دابنرێت کە مرۆڤی کورد لە ئەنجامی تۆقینیدا لە کارەساتی وێنەی هەڵەبجە و ئەنفال، پەیڕەوی بکات.

## کاریگەری ئەنفال لە گەشەسەندنی تاکی کورددا:

ئەوەی لە زانیاریدەرەکانەوە ڕووندەبێتەوە ، کارەساتی ئەنفال دوای ١٥ ساڵ، لە لای یەکە یەکەی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی باشووری کوردستان ڕەنگدانەوەیەکی ترسناکی هەبووە. ئەم کارەساتە دڵنیایی تاکی کوردی شێواندووە و، چەندان جۆر دۆخی دەروونی وەک خەمۆکی و ترس و تۆقین و بێئومێدی و فەرامۆشی دروست کردووە. منداڵێکی ٤ ساڵە کە ١١ ساڵ دوای ئەنجامدانی شاڵاوەکانی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە لە دایک بووە، لە کەناڵی تەلەفیزیۆنی کورد سات دا دەڵێت: *(ئەترسم، لە کیمیایی ئەترسم، ئەترسم ئەنفالمان بکات. با بڕوات، سەددام لای ئێمە نەبێت!)*[14] *کارەساتی ئەنفال، بوو بە فاکتەری ترسێکی درێژ خایەن، نەک تەنها لەو نەوانەی کورد کە ئەنفالیان دیووە و، لەو قۆناغەدا پێگەیشتوو بوون، بەڵکە لای ئەو نەوانەش ترسی خوڵقاندووە کە دوای قۆناغی ئەنجامدانی شاڵاوەکانی ئەنفال بە ماوەیەک لە دایک بوون. ترسی هەمیشەیی، کار لە بیرکردنەوە و جۆری بیرکردنەوەی مرۆڤ دەکات، (کەسێ لە ترسی هەمیشەییدا بژی، دادەهێزرێ و مومکین نییە بیرکردنەوەی ئەو کەسە ئاسایی بێت.)*[15] *ترسێکی کورتخایەن دەبێتە هۆی ئەوەی سیستەمی مێشک هەندێ ئاماژە بدات بە کەسەکە بۆ ئاگادارکردنەوەی لەو خەتەرە کورتخایەنە، بەڵام خەتەرێکی گەورە کە ترسێکی هەمیشەیی و درێژخایەن دەخوڵقێنێ دەبێتە هۆی نائاساییکردنی کار و کارایی ئەو سیستەمەی مێشک، و، هاوکات نائاساییکردنی باری دەروونی و بیرکردنەوەی مرۆڤێکی ئاسایی ترساو.* کارەساتی ئەنفال ترسی لێکدابڕانی ئەندامەکانی خێزان لە یەکتری دروست کرد، پیرەمێردێکی کورد لە کورد ساتەوە دەڵێ:*(٣٠ سەر خێزان بووین، بەخوا ٢٨ کەسمان ئەنفال کرا ، ڕۆی، نەما.)* ئەمە دڵنیایی خێزانی کوردی شێواند. هۆی ئەو نادڵنیابوونەوەیە کە خێزان هەمووی تێکڕا لە کاتی نزیکبوونەوەی خەتەرێکی هاوشێوەی ئەنفال، شوێنی خۆی بەجێدەهێڵێت. خۆدوورخستنەوە یەکێکی ترە لەو میکانیزمانەی کە نەک تەنها بەرگرییەکی دەروونی بەڵکە فیزیکیشە لە ئەنفالکاران. ئەنفالکراوەکان جگە لەو ١٨٢ هەزار مرۆڤەی کە هێشتاش کۆمەڵگە لە چاوەڕوانیاندایە و گوزارەی زانیاریدەرەکان ئەوەی سەلماند، دەیان هەزار قوربانی تر کە ئێستا کۆمەڵگەیەکیان بە ناوی ئەنفال پێک هێناوە و بە ناوی ئەنفالەکان ناوزەد کراون. ئەم کۆمەڵگە ئەنفالە، کە هەموو ئەو ژن و پیاو و منداڵانە بوون کە دوای



www.kurdistannet.org

بينينی زيندانێک يان زياتر له زيندانه‌كانی، دبس، حه‌ويجه، نوگره‌سه‌لمان، ده‌رباز بوون و گه‌ڕانه‌وه و له ئۆردوگا زۆره‌ملێكان نيشته‌جێ كران. ئه‌م كۆمه‌ڵگه ئه‌نفاله ، ١٥ ساڵه له هه‌موو پێويستييه سه‌ره‌تاييه‌كانی ژيان بێبه‌شن، ئه‌وه‌ی ئه‌برهه‌ام ماسلۆ به پێويستييه فيزيكييه‌كان ناويان ده‌بات و بريتين له: خواردن، خواردنه‌وه، حه‌وانه‌وه، گه‌رمی و سێكس، لای كۆمه‌ڵگه‌ی ئه‌نفال تا ئه‌مڕۆش كه پانزه ساڵ دوای ڕوودانی ئه‌و كاتاسترۆفه‌يه، ناگاته حاڵه‌تی تێربوون. كه‌واته كه‌شه‌سه‌ندنی ده‌روونی ئه‌م كۆمه‌ڵگه‌يه له پله‌ی يه‌كه‌می هه‌ره‌می پێويستييه ده‌روونييه‌كاندا ده‌وه‌ستێت و سه‌رناكه‌وێ. هه‌ڵبه‌ته ڕاده‌ی نادڵنيايی و ترس و تۆقينی ئه‌مان له دووباره ڕووداندوه‌ی كاره‌ساته‌كه به‌هێزتره وه‌ک له لای كۆمه‌ڵگه‌ی كورد به گشتی. لای كۆمه‌ڵگه‌ی كورديش به گشتی، ئه‌گه‌ر پله‌ی يه‌كه‌می پێويستييه‌كانيش تێر كرابن، له پله‌ی دووه‌ميدا، كه پێويستی دڵنيايی و سه‌قامگيربوونه له ژياندا، گه‌شه‌سه‌ندنی ده‌روونی ده‌وه‌ستێ. چونكه كاره‌ساتی ئه‌نفال جێيه‌كی بۆ دڵنيای له ده‌روونی مرۆڤی كورددا نه‌هێشتۆته‌وه. ئه‌گه‌ر ئه‌و دابه‌شكردنه ڕه‌وا بێت و كۆمه‌ڵگه‌ی كورد دابه‌شی سه‌ر كۆمه‌ڵگه‌ی ئه‌نفالكراو و ئه‌نفالنه‌كراو بكه‌ين، ده‌توانين ئه‌نجامی ئه‌و لێكدانه‌وه‌يه‌ش وا بخه‌ينه ڕووكه: گه‌شه‌سه‌ندنی كۆمه‌ڵگه‌ی ئه‌نفالكراوی كورد له پله‌ی يه‌كه‌می هه‌ره‌می پێويستييه ده‌روونييه‌كاندا ده‌وه‌سێت، به‌ڵام زۆربه‌ی ئه‌ندامانی كۆمه‌ڵگه‌ی كوردی ئه‌نفالنه‌كراو له پله‌ی دووه‌می هه‌ره‌مه‌كه‌دا ده‌وه‌ستێت. ئه‌وه‌ی بينراوه كۆمه‌ڵگه‌ی ئه‌نفالكراوی كورد به‌هۆی هاوهه‌ستييه‌كی نه‌ته‌وه‌يی تووندەوه كه ڕه‌نگه خودی ئه‌و هاوهه‌ستييه‌ش هه‌ر كاريگه‌ری و به‌رهه‌می كاره‌ساته‌كه بێت، كاريگه‌رييه‌كی زۆريان له‌سه‌ر كۆمه‌ڵگه‌ی ئه‌نفالنه‌كراوی كورده‌وه هه‌يه.

**ئه‌نجام**:

له ئه‌نجامی ئه‌م لێكۆڵينه‌وه ئه‌زموونگه‌رييه‌دا كه له ئه‌نجامی گوزاره‌ی زانياريده‌ره‌كانه‌وه كه هاوڵاتی كوردن و ئه‌ندامانی كۆمه‌ڵگه‌ی كوردن به‌و باوه‌ڕه ده‌گه‌ين كه ئه‌و دوو گريمانه‌يه‌ی له به‌شێكی لێكۆڵينه‌وه‌كه‌دا كردمان له‌سه‌ر مرۆڤی كورد به‌دی ده‌كرێن، ئه‌ويش ئه‌وه‌يه:

**يه‌كه‌م**: كاره‌ساتی ئه‌نفال وه‌ک كاره‌ساتێكی تۆقێنه‌ر و دڵنيايی شێوێنه‌ر، گه‌شه‌سه‌ندنی ده‌روونی تاكی كورد و كۆمه‌ڵگه‌ی كوردی له دوو پله‌دا وه‌ستاندووه. به‌شی ئه‌نفال كراوی كۆمه‌ڵگه‌ی كورد هه‌ر له يه‌كه‌م پله‌ی هه‌ره‌می پێويستييه ده‌روونييه‌كاندا و، به‌شی ئه‌نفالنه‌كراويش له پله‌ی دووه‌می هه‌ره‌می پێويستييه‌ده‌روونييه‌كاندا ده‌وه‌ستێت.

**دووه‌م**: به‌هۆی كاره‌ساتی ئه‌نفاله‌وه ده‌زگای به‌رگری ده‌روونی مرۆڤی كورد هه‌ميشه كارايه و، مرۆڤی كورد بۆ لابردنی كاريگه‌ری ئه‌و هه‌ستانه‌ی كه دۆخه خه‌مهێنه‌ره‌كانی ئه‌نفال ده‌يانسه‌پێنێ، چه‌ندان جۆری ميكانيزمه‌كانی به‌رگری به‌كار ده‌بات. بێگومان ئه‌و به‌رگرييه ده‌روونييه‌ش، كه به‌هۆی ئه‌و ميكانيزمه ناوبراوانه‌وه ده‌كرێت، به‌رگری ڕاسته‌قينه نين بۆ ده‌روون و ڕاده‌ی كارابوونيشيان درێژ خايه‌ن نييه. له ئاكامدا له شێوه‌ی په‌شئوی ده‌روونی، خه‌مۆكی و خاكه‌ساری ده‌روونيدا ڕه‌نگ ده‌ده‌نه‌وه.

**سێیەم**: کارەساتەکانی ئەنفال، مرۆڤی کوردی خستۆتە نێو دۆخێکی قووڵی لە خودڕامانەوە، کە لەم دۆخەدا قەیرانی ناسنامەی بۆ دروست دەبێت. پرسی ناسنامە لای منداڵانی کوردیش لە کوردستان و تەنانەت لە تاراوگەشدا دێتە ئاراوە.

**چوارەم**: هەروەها بەو ئەنجامەش گەیشتین کە شاڵاوەکانی ئەنفال، بە خوێندنەوەیەکی بەعسیانەی سوورەتی ئەنفال لە لایەن سەرانی ڕژێمی عێراقەوە لەسەر گەلی کورد بە نیازی جینۆساید، ئەنجام دراون. کە کۆدەکان بە زمانی بەعس و بە لۆژیکی بەعس، خۆیان دەکەونە خانەی کافرانەوە بە زمانی ئایینی ئیسلام و بە لۆژیکی قورئان.

## دوا وتە:

کارەساتی ئەنفال، لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بێوێنەیە و بێوێنە دەمێنێتەوە. ئەنفالکراوەکان، چوونکە حوکمی مەرگیان کتوپڕ و کاتی مەرگیان ناوادە بوو، هەمیشە ژمارەیان لە زیادبووندایە. ناکرێ هەمیشە بڵێین ۱۸۲ هەزار کەس ئەنفال کرا، چونکە بە شێوەیەکی سروشتی ژمارەی مرۆ لە زیادبووندایە، ئەگەر ئەو ۱۸۲ هەزار کەسە بە کتوپڕی حوکمی مەرگیان بەسەردا نەدرابا و بە ناوادەیی نەمردبان، ئێستا ژمارەیان چەند بووی؟ ئەنفالکراوەکان بە هەموو پێوەرێک دەبێ ساڵانە ژمارەیان زیاد بکات. ئەنفالکارەکان: درزێکیان نەهێشتۆتەوە بۆ بینینی جوانییەک لە ژیاندا. دروستکەری چاڵەکانی مەرگ و ڕووخێنەری کۆشکی ژیان بوون.

---

## سەرچاوە و پەراوێزەکان:

---

سەرچاوەی کوردی و عەرەبی:

١. قورئانی پیرۆز، وەرگێڕانی کوردی: محەمەد ساڵح ئیبراهیمی. چاپی یەکەم:چاپخانەی قران کریم. ئێران.
٢. میدڵ ئیست وۆچ: جینۆساید لە عێراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: سیامەندی موفتیزادە.چاپی یەکەم، سلێمانی: ١٩٩٩ چاپخانەی خاک.
٣. یوسف دزەیی: ئەنفال. کارەسات، ئەنجام و ڕەهەندەکانی. هەولێر: ٢٠٠١چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی.

سەرچاوەی ئینگلیزی و سوێدی:

---

1- Thomas Brante, Heine Andersen & Olav Korsnes(red) (2001): Sociologiskt lexikon. Stockholm: Natur och Kultur.
2- Olofsson & Sjöström(1993): Existens och sociala relationer. Lund Studentlitteratur.
3- Schultz Larssen Ole(1997): Psykologiska perspektive. Århus: Danmark.
4. Dozier Rush(2000): Rädsla. Känslan som genomsyrar och präglar våra liv och vår värld. Översättning: Gun Zetterström. Finland:W&W.
5. Sandström Stefan(1996): Våld& Hot. Falköping:Liber.

www.kurdistannet.org

6. Jeffmar Chirster(1987): Socialpsykologi- Människor i samspel. Lund: Studentlitteratur.

---

[1] میدڵ ئیست و ۆچ له کتێبی )جینۆساید له عێراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد)، ل ٥٥ دا به پشتبەستن به کتێبه مێژووییه بەناوبانگەکەی ڕاوڵ هێلبێرگ سەبارەت به هۆلۆکۆست ، کارەساتی ئەنفال هەڵدەسەنگێنێ و به هۆلۆکۆستی دەچوێنێت. بەو پێیه سێ هەنگاوی بنەڕەتی له کارەساتی هۆلۆکۆست و کارەساتی ئەنفالدا پەیڕەوی کراون: یەکەم دەستنیشانکردن، دووەم: کۆکردنەوە و گرتن، سێیەم: له ناوبردن.

[2] Jeffmar,Ch(1987), P11.

[3] تیۆری میکانیزمەکانی بەرگری وەک تیۆرییەکی بناغەیی له زۆر کتێبی دەروونناسیدا هاتووە. سەرچاوەکەی من:
Olofsson & Sjöström(1993): Existens och sociala relationer. Lund Studentlitteratur. P.84-85.

[4] نموونەی ئەرکەکانی میکانیزمەکانی تر که به بۆچوونی من له کارەساتی ئەنفالدا ڕەنگدانەوەیان هەیه و مرۆڤی کورد به کاری هێناون:

نکۆڵیکردن: مرۆڤ بێبایەخ دەبێت بەرامبەر مەترسی کارەساتەکان و سەرچاوەی خەتەرەکان، نکۆڵیدەکات لەوەی که کردەوە ترسناک و خەتەرەکان کاریگەرییەکیان هەبێت.

گۆشەگیری: مرۆڤ خۆی بێلایەن و گۆشەگیر دەکات و هەوڵ دەدات له نزیک یان دوورەوە له سەرچاوەی خەتەرەکان نەدوێ.

پێچەوانەبوونەوە: مرۆڤ پەلاماری سەرچاوەی خەتەرەکان دەدات تا تۆڵه بکاتەوە.

هەڵگەڕانەوە دژی خود: مرۆڤ سەرزەنیشتی خۆی دەکات و خۆی به هۆکار دەزانێ و بەردەبێته گیانی خۆی.

خود تۆقاندن: تۆقین له ڕووداناوەی هەمان خەتەر و کارەسات و هەوڵدان بۆ دەربازبوون لێی.

[5] بڕوانه ل ٨٧ له سەرچاوەی:
Schultz Larssen Ole(1997): Psykologiska perspektive. Århus

[6] یوسف دزەیی(٢٠٠١): ئەنفال. کارەسات، ئەنجام و ڕەهەندەکانی . هەولێر: چاپخانەی موکریانی. چاپی یەکەم: ل ٢٨

[7] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧.

[8] قورئانی پیرۆز، وەرگێڕانی بۆ کوردی: مامۆستا محەمەد ساڵح ئیبراهیمی. چاپی ئێران: چاپخانەی بزرگ قران کریم. ل ١٧٨.

[9] جینۆساید له عێراق و کامپانیای ئەنفال بۆ سەر کورد، ل ٣٨٨.

[10] Sandström,S(1996):P.33.

[11] ئەو پیاوەی ئەم گوزارەیەی له وەڵامی چەند پرسیارێکدا دەربڕی:(پۆڵا سەعید)ی شاعیره.

[12] گوزارەکردنی نەزەند بەگیخانی نووسەر و شاعیر له وەڵامی پرسیاری ئاراستەکراودا ئەم بەسەرهاته دەگێڕێتەوە.

[13] ئەم دەربڕینه ، له پرێس کۆنفرانسێکدا که له سلێمانی بۆ مام جەلال و نوێنەری سەرۆکی ئەمەریکا زەڵمای خەلیل زاد کرا له سلێمانی، پێش دەستپێکردنی شەڕی ئەمەریکا بۆ سەر عێراق، مام جەلال گوزارەی ئەم ژنه هەژارەی کوردی باس کرد.

[14] له ژەنەریکی بەرنامەیەکدا له کوردسات هەندێ چاوپێکەوتنی کورت لەگەڵ ئەنفالکراوەکان و خەڵکی تردا پیشان دەدات.که من لێره دوانیانم بەکارهێناوە. شایانی باسه که لەم کەناڵەدا

بەرنامەیەک هەیە بە ناوی(ئەنفال) کە دۆکۆمینتی زیندوو لەسەر ئەنفال بە گێڕانەوەی بەسەرهاتی قوربانیان خۆیان پێشکەش دەکات.

[15] Dozier,Rush(2000):p37.

کوردستان نێت www.kurdistannet.org